# میسرییەکان گەیشتنە لوتکە و

ئا: ڕێبین ڕەمزی

هەفتەی ڕابردوو لە وڵاتی ئەنگۆلا کۆتایی بە پاڵەوانییەتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا هات، دوای ئەوەی ئەم پاڵەوانییەتییە چەندین ڕووداوی تیاییدا ڕوویدا، ئەمەی خوارەوە شرۆڤەیەکە لەبارەی ئەم پاڵەوانەتییە.

### بۆ حەوتەمین جار میسرییەکان بوونە پاڵەوان

هەڵبژاردەی میسر، توانی بگاتە لوتکەی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا. دوای ئەوەی توانی بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی و بۆ حەوتەمین جار ببێتە پاڵەوان. لەم بوارەدا توانی ژمارەی پێوانەیی بشکێنێت. چونکە تا ئێستا هیچ هەڵبژاردەیەك سێ جار لەسەر یەکدی نەیتوانیوە ئەم پاڵەوانییەتییە بەدەستبێنێت، هەڵبژاردەی میسر لە یاری کۆتایی توانی بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە هەڵبژاردەی گانا بباتەوە و ببێتە پلەی یەکەم.

شایانی ئاماژە پێدانە، هەڵبژاردەی میسر لە ساڵەکانی ١٩٥٧، ١٩٥٩، ١٩٨٦، ١٩٩٤، ٢٠٠٦، ٢٠٠٨، ٢٠١٠ توانیویەتی ئەم پاڵەوانییەتییە بە دەستبێنێت.

بە پێی سەرژمێری فیفا هەڵبژاردەی میسر دوای بە دەستهێنانی ئەم پاڵەوانییەتییە هاتە ڕیزبەندی ١٠یەم باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان، ئەمەش بۆ یەکەمجارە هەڵبژاردەی میسر دەگاتە ئەم پلەیە. لە هەمان کات دەبێتە دووەم هەڵبژاردەی ئەفریقیا کە دەگاتە پلەی باشترین ١٠یەمی هەڵبژاردەکانی جیهان، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤دا، هەڵبژاردەی نێجیریا گەیشتە پلەی پێنجەم باشترین هەڵبژاردەی جیهان.

دوای کۆتایی هاتنی پاڵەوانییەتییەکە، یاریزانە میسرییەکان چەندین بۆندیان لە یانە ئەوروپییەکان بۆ هاتەوە. وەك گۆڵچی عیسام حەزری، یاریزانان محەمەدی و جەدۆ و چەندین یاریزانی تر. لە هەمان کاتدا ڕاهێنەر حەسەن شەحاتە کە بە (معلم) ناسراوە بۆندێکی لە هەڵبژاردەی نێجیریا بۆ هاتووە بۆ ئەوەی لە جامی جیهانی ٢٠١٠دا ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی نێجیریا.

### باشترینەکانی ئەم پاڵەوانیەتییە

دوای ئەوەی ئەم پاڵەوانییەتییە کۆتایی پێهات، یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا باشترینەکانی ئەم پاڵەوانییەتییەی دەستنیشان کرد، کە تیاییدا ئەندامانی هەڵبژاردەی میسر، بەمشێوەی خوارەوە توانیان کۆنترۆڵی گشت خەڵاتەکان بکەن.

باشترین گۆڵچی: گۆڵچی هەڵبژاردەی میسر عیسام حەزری، بوو بە باشترین گۆڵچی ئەم پاڵەوانییەتییە، دوای ئەوەی ئاستێکی یەکجار باشی نیشاندا هەرچەندە تەمەنی لە ٣٠ ساڵ بەرەو سەرترە.

باشترین یاریزان: کاپتنی هەڵبژاردەی میسر ئەحمەد حەسەن، بوو بە باشترین یاریزانی ئەم پاڵەوانییەتییە. ئەویش دوای ئەو ئاستە بەرزەی کە لە پاڵەوانییەتییەکە نیشانی دا، لە هەمان کاتدا ئەحمەد حەسەن ژمارەی پێوانەیی شکاند دوای ئەوەی زیاتر لە ١٧٢ یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی میسردا ئەنجامداوە.

باشترین ڕاهێنەر: ڕاهێنەری هەڵبژاردەی میسر حەسەن شەحاتە بووە باشترین ڕاهێنەری ئەم پاڵەوانییەتییە دوای ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بە دەستهێنانی ئەم پاڵەوانییەتییە.

### گۆڵکارانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا

لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا ٢٠١٠دا محەمەد ناجی جەدۆ بووە گۆڵکاری ئەم پاڵەوانییەتییە، دوای ئەوەی توانی ٥ گۆڵ تۆمار بکات هەرچەندە لە گشت یارییەکان وەکو یاریزانی یەدەگ دەهاتە نێو یاریگا، محەمەد ناجی جەدۆ یاریزانی یانەی ئیتیحاد ئەسکەندری میسرییە، یاریزانێکی لاوە تەمەنی ٢٥ ساڵە. کاتێك حەسەن شەحاتە ئەم یاریزانەی بۆ پێکهاتەی هەڵبژاردەی بانگهێشت کرد، بۆ ئەوەی بەشداری جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بکات، لە لایەن ڕاگەیاندن و یەکێتی تۆپی پێی میسر تووشی ڕەخنەیەکی یەکجار زۆر بۆوە، چونکە ئەم یاریزانە پێش بەشداریکردن لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا تەنیا ٢ یاری نێودەوڵەتی ئەنجامدابوو، لە هەمان کاتدا ئەم یاریزانە لە شوێنی ئەحمەد حوسام میدۆ بانگهێشتی هەڵبژاردەی میسر کرابوو.



# بوون به پاڵەوانی ئەفریقیا

محەمەد ناجی جەدۆ دەڵێ: زۆر سەیرم پێ هات کاتێك لە ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت ناوی خۆم لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی میسر دیت، ئەمەش بووە جێگای خۆشحاڵیم بۆیە بڕیارم دا خۆم لەم پاڵەوانییەتییەدا ماندوو بکەم، بەڵام پێشبینیم نەدەکرد ببمە گۆڵکاری گەورەترین پاڵەوانییەتی لە کیشوەری ئەفریقا.

جەدۆ متمانەیەکی تەواوی بە خۆی هەبوو توانی بە باشترین شێوە خۆی لەم پاڵەوانییەتییەدا دەربخات، توانی لە گشت یارییەکاندا کە وەکو یاریزانی یەدەگ یاری دەکرد گۆڵ تۆمار بکات.

جەدۆ ئێستا چەندین بۆندی لە یانە ئەورووپی و میسریەکان بۆ هاتووە بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ مۆربکەن.

ئەمەش ریزبەندی گۆڵکارانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیایە.

١- محەمەد ناجی جەدۆ ( میسر) : ٥ گۆڵ

٢- ئەحمەد حەسەن (میسر) — ئەمادۆ فلاڤیۆ ( ئەنگۆلا) — گیان ئەساماوە ( گانا) — سیدۆ کیتا (مالی) : ٣ گۆڵ

٣- عیماد متعب (میسر) — مانوتچۆ ( ئەنگۆلا) — ئیتۆ (کامیرۆن) — موافیلێرۆ (مالاوی) — فرێدرێك کانۆتی ( مالی) — پیتر ئۆدیمۆنجی (نێجیریا) — جاکۆب مۆلینگا ( زامبیا) : ٢ گۆڵ.

### پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئەفریقیا

دوای کۆتایی هاتنی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئەفریقیای دەستنیشان کرد، کە زۆربەی یاریزانەکان لە هەڵبژاردەی میسر دەستنیشان کران، چونکە پاڵەوانی ئەفریقیایە، ئەمەش پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئەفریقیایە.

گۆڵچی: عیسام حەزری (میسر)

هێڵی بەرگری: مەجید بوگرە (جەزائیر ) — وائیل جومعە (میسر) — مابینا (ئەنگۆلا)

هێڵی ناوەڕاست: ئەلیکسندەر سۆنگ ( کامیرۆن) — ئەحمەد فەتحی (میسر ) — ئەحمەد حەسەن (میسر ) — پیتر ئۆدیمۆنجی (نێجیریا).

هێڵی هێرشبەر: ئەساماوە گیان (گانا) — ڤلاڤیۆ ئەمادۆ (ئەنگۆلا ) — محەمەد زێدان (میسر).

### ڕووداوەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا

گرنکترین ڕووداوەکانی ئەم پاڵەوانییەتییە، گولباران کردنی هەڵبژاردەی تۆگۆ بوو، کە بووە هۆی کوشتنی دوو ئەندامی شاندی هەڵبژاردەی تۆگۆ، ئەمەش دەنگۆیەکی زۆری لە جیهان دایەوە. هەرچەندە یاریزانان و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی تۆگۆ ئامادەی خۆیان نیشاندا بەشداری یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بکەن، بەڵام حکومەتی تۆگۆ فرۆکەیەکی تایبەتی بۆ شاندی هەڵبژاردەی تۆگۆی نارد بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی تۆگۆ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. ئەمەش یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیای تووشی نیگەرانی کرد، بۆیە بڕیاری سزادانی هەڵبژاردەی تۆگۆی دا، سزاکەش ئەوەبوو کە هەڵبژاردەی تۆگۆ لەدوو پاڵەوانییەتی تری جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا ناتوانێ بەشداری بکات.

لە یاری پێش کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا، لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی میسر و جەزائیر ناوبژیوانی یارییەکە "بنینی کۆفی کۆدجا" یارییەکەی بەڕێوە برد، کە تیاییدا ناوبژیوان لەم یارییەدا ٣ یاریزانی هەڵبژاردەی جەزائیری بە کارتی سوور دەرکردە دەرەوەی یاریگا و، چەندین بڕیاری هەڵەی تریشی دا. ئەمەش بۆوە هۆی ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا سزای ئەم ناوبژیوانە بدا. کە بۆ ماوەیەکی نادیار رابگیرێت، جێگای باسە ئەم ناوبژیوانە پاڵێوراو بوو، بۆ ئەوەی بەشداری لە جامی جیهانیدا بکات.

ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەم پاڵەوانییەتییەدا، ئاستی هەڵبژاردە گەورەکان وەکو پێویست نەبوو، بە تایبەتی کامیرۆن و نێجیریا و ساحل ئەلعاج و مالی. لە هەمانکاتدا هەرچەندە گانا بە هەڵبژاردەی لاوان لەگەڵ چەند یاریزانێکی بە ئەزموون بەشداری لەم پاڵەوانییەتییەدا کردبوو، بەڵام توانی ئاستێکی یەکجار باش نیشان بدات و بگاتە یاری کۆتایی کە کەس پێشبینی ئەم ئەنجامەی نەدەکرد. ئەمەش بۆ هەڵبژاردەی گانا لە جامی جیهانیدا ٢٠١٠ دەبێتە باشترین خۆ ئامادەکردن.






# یانەی کەرکوک هەوڵدەدات نازناوی خولی نایابی ک

**یانەی کەرکوک یەکێك لە یانە بەتواناکانی کوردستانە، لەسەر ئاستی یانەکانی عێراقیش تایبەتمەندی خۆی هەیە. یانەی کەرکوک ئەمساڵ جیا لە ساڵانی رابردوو بە شێوەیەکی هەڵسورتر، هاتۆتە نێو گۆڕەپانی یانەکانی کوردستان و تائێستاش توانیویەتی لە یاری خولی نایابی یانەکانی کوردستاندا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات. لەگەڵ ئەوەیدا یانەی کەرکوک تووشی کێشەی دارایی هاتووە. بەڵام یاریزانەکانیان مکوڕن و هیوایان وایە، نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ببەنەوە. دڵی هاندەرانیان بەم بردنەوەیە شاد بکەن. ئێمەش لەمبارەیەوە ئەم راپۆرتەمان لەگەڵ یاریزانان و راهێنەری یانەکە ئەنجامداوە.**

**راپۆرت :کارزان کانەبی**


سەرەتا (دارەوان قادر) راهێنەری تازەی یانەی کەرکوک لەمەڕ ئاستی یانەکە گوتی: "بەڕاستی ئەمساڵ بۆخولی نایابی یانەکانی کوردستان بە شێوەیەکی باشتر خۆمان ئامادەکردبوو. لەگەل راهێنەری بەتوانا عەبدوڵڵا مەحمود توانیمان تیپێکی رێکوپێك دروست بکەین، تاڕاددەیەکی باشیش لە هەموو روویەکەوە تیپەکە کێشەی نەبوو. هەرە لە سەرەتاوە ئێمە وەکو دەستەی راهێنەران بەشێوەیەکی زۆر باش یاریزانەکانمان ئامادە کردبوو. دوای دەست لە کارکێشانەوەی کاپتن عەبدوڵڵا، ئێستاکە من بوومەتە راهێنەری یانەکە و هیواداریشم بتوانم یانەی کەرکوک لەسەر ئەنجامە باشەکانی بەردەوام بێت. هیوامان ئەوەیە لەگەڵ یانەی کەرکوک، بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بێنین و کارێك بکەین، یانەی کەرکوک بگاتە لوتکەی یانەکانی کوردستان و جامی ئەمساڵی نایابی یانەکانی کوردستان بباتەوە.

لە بارەی هۆکاری خراپی ئەنجامەکان لە خولی نایابی عێراقدا، بەپێچەوانەی خولی نایابی کوردستان، گوتی "ئێمە هەر لەسەرەتای یاری خولە نایابەکانی عێراق، ئەنجامی یانەکەمان وەکو پێویست نەبوو، لەبەر ئەوەی یاریزانانمان توانای ئەوەیان نییە لە هەفتەیەکدا سێ یاری ئەنجام بدەن و یاریزانانەکانمان تەواو شەکەت و ماندوو بوون، بەڵام ئێستاکە هەوڵمان داوە چەند یاریزانێك بێنین، تا بتوانین لە خولی نایابی عێراقیش ئاستمان باشتر بێت. سەبارەت بە کێشەکانیشان ئاماژەی بە نەبوونی بودجەی پێویست کرد و گوتی ئەگەر بودجەیەکی باشمان هەبێت دەتوانین وەکو یانەکانی هەولێر و دهۆك و پێرس دوو تیپ دروست بکەین. هیوداریشن لە یارییەکانی داهاتوودا، ئاستمان باشتر بێت و بتوانین لە هەردوو خولدا ئەنجامی باش بەدەست بێنین و دڵی هاندەرانمان رازی بکەین .

هەر لەمبارەیەوە (سیروان نەجمەدین) ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك لە بارەی ئاستی یانەکەیان گوتی " بەڕاستی ئاستی یانەکەمان هەر لەسەرەتای خولی نایابی یانەکانی کوردستان باش بوو، چونکە دەستەی راهێنەرانی یانەکەمان هەوڵیان دابوو، تیپێکی رێکوپێك دروست بکەن و لەگشت رووەکان ئاستیان زۆر باش بێ. لە قۆناغی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان توانیمان پێشەنگی یانەکان بین.



دارەوان قادر



سیروان نەجمەدین



مستەفا کامل



زانامەحمەد

دیمانە: کارزان کانەبی




# ـــوردستان بەرێتەوە

لەسەرەتادا زۆر هەوڵمان دا بۆگەڕانەوەی ڕاهێنەری پێشووی یانەکە عەبدوڵڵا مەحمود، بەڵام ناوبراو بۆ یانەکەمان نەگەڕایەوە، بۆیە کاپتن "دارەوان قادر"مان کردە ڕاهێنەری یانەکە و ئێستاش ناوبراو لەگەڵ یانەکە بەردەوامە. ئێمەش بە هەموو توانامان پشتگیری دەکەین، بۆئەوەی بتوانین ئەمساڵ ئەنجامێکی شیاو و شایستە لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراق بەدەست بێنین. هیواداریـن بتوانین وەرزی ئەمساڵ نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بگەڕێنینەوە بۆ یانەکەمان. لە بارەی کێشەکانیان "سیروان نەجمەدین" گوتی: بەڕاستی نەبوونی بودجەی باش، وای لە ئێمە کردووە کە یارییەکانمان لە ئاستی خولی نایابی عێراقی وەکو پێویست نەبێ، تائێستا هاوکاری باش نەکراوین. سەرەڕای ئەوەش یارییەکان لە هەفتەیەکدا زۆرە. تائێستا ئێمە بە بڕە پارەیەکی کەم ئەرکەکانمان ئەنجام دەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش بەردەوام دەبین و کارێک دەکەین کە دڵی هاندەرانی یانەکەمان ڕازی کەین، بەڵکو لەو ماوەیەشدا بودجەی باشمان بۆ تەرخان بکرێت تا ئەو گرفتەشمان نەمێنێ.

هەر لە بارەی ئاستی یانەکە، کاپتنی یانەی کەرکوک (مستەفا کامل) گوتی "ئێمە ئەمساڵ لە خولی نایابی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی باش خۆمان ئامادەکردووە بۆئەوەی بتوانین ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەین و لە ساڵانی ڕابردوو باشتر بین. ئێمە چەندین ساڵە لە خولی یانەکانی کوردستان یاری دەکەین. ئەمساڵیش بە شێوەیەکی تر خۆمان ئامادەکردووە. ئێستاکە لە سەرووی ڕیزبەندی یانەکانی کوردستانین و هیواداریـن بتوانین نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ شاری کەرکوک بگەڕێنینەوە. لە بارەی گرفت و کێشەکانیان (مستەفا کامل) گوتی، ئێمە تەنیا کێشەی دارایمان هەیە، یانەکەمان لە ڕووی داراییەوە زۆر خراپە. زۆربەی یانەکان بۆ هەردوو خول دوو تیپیان هەیە، کەچی ئێمە نیمانە. ئەگەر ئێمەش توانای داریمان باش بێت، دەتوانین باشتر ئەنجام بەدەست بێنین.

یاریزانی یانەی کەرکوک (زانامحەمەد) گوتی: دەتوانم بڵێم، ئەمساڵ لە یاری خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستمان زۆر باشە. چونکە ئێمە هەر لەسەرەتاوە توانیمان بە شێوەیەکی باشتر خۆمان ئامادەبکەین. ئێستاکە بە گوڕو تینێکی باشتر خۆمان بۆ تەواوی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراق ئامادە کردووە. ئێمە لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان توانیمان تائێستا ئەنجامێکی باش بەدەست بێنین، هیوای منیش ئەوەیە بتوانین ئەمساڵ لەگەڵ دەستەی یاریزانان و بەهاوکاری هەموو لایەك بتوانین نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بێنین و دڵی هاندەرانمان خۆش بکەین. لە بارەی خولی نایابی عێراقیش گوتی "بەڕاستی ئێمە لە یارییەکانی خولی عێراقی بە هۆی نەبوونی یاریزانان نەمانتوانیوە ئاستێکی باش پێشکەش بکەین، چونکە بەیەك تیپ بەشداری دوو خولەکەمان کردووە، کێشەی سەرەکی یانەکەشمان نەبوونی پارەیە، زۆریش لەمێژە ئەو گرفتەمان هەیە و چارەسەر نەکراوە. هیواداریشم بتوانین بە هەموو لایەك هاوکاری یانەکەمان بکرێت بۆئەوەی یانەی کەرکوک بتوانێ باشترین ئەنجام لەم وەرزەدا پێشکەش بکات و لە هەردوو خول باشترین ئەنجام بەدەست بێنن.

## ڤان گال:

## بیرم لە نیستلرۆی نەکردبۆوە چونکە لەگەڵ لۆکا تۆنی هیچ جیاوازێکی نییە

ڕاهێنەری یانەی بایرن میونیخ لیویس ڤان گال-ی هۆڵەندی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ئەوەی دووپاتکردووە کە بەهیچ شێوەیەك بیر لە مۆرکردنی بۆند لەگەڵ ڤان نیستلرۆی نەکردبۆوە، چونکە لەگەڵ لۆکا تۆنی هیچ جیاوازییەکی نییە.

ڤان گال لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: نیستلرۆی ناتوانی بەرگری لەو پێشبڕکێیەی نێوان یاریزانەکانی یانەی بایرن میونیخ بکات بۆ ئەوەی لە یارییەکان وەکو یاریزانێکی سەرەکی یاری بکات، ئەمەش هۆکار سەرەکی ڕۆیشتنی یاریزان لۆکا تۆنی بۆ یانەی ڕۆما بوو بە هەمان شێوە ئەم هۆکارەش وای لە نیستلرۆی کرد یانەی ڕیال مەدرید جێبهێڵێ.

جێگەی باسە یاریزان ڤان نیستلرۆی یانەی ڕیال مەدرید-ی جێهێشت و چووە ڕیزی یانەی هامبۆرگی ئەڵمانی، لە هەمان کاتدا یاریزان لۆکا تۆنی یانەی بایرنی میونیخ-ی جێهێشت دوای ئەوەی لەگەڵ ڤان گال تووشی کێشە بوو چووە ڕیزی یانەی ڕۆما.

لە یانەی بایرن میونیخ ڕکابەرییەکی بەهێز هەیە لەنێوان یاریزانەکانی هێڵی هێرشبەر بۆ ئەوەی وەکو یاریزانی سەرەکی یاری بکەن، یاریزانەکانی یانەی بایرن میونیخ لە هێڵی هێرشبەر پێکهاتووە لە : میرۆسلاف کلۆزە – ماریۆ گۆمێس – ئیڤیکا ئۆلێچ – تۆماس مۆلر.



ناوی یۆرگن کلینزمان چیرۆکێکە لە ســاڵی ٢٠٠٦ دا بە دیارکەوت. کێ راهێنەری مانشــافت بووە و گەیاندییە ئەم لوتکەیە؟ ئەمە بۆخۆی چیرۆکێکە. مانشــافت لە نێو خۆشی و شادی جەماوەردا، هەڵبژاردەکەی گەیاندە چوارگۆشەی زێڕینی مۆندیال. کلینزمان ئەم ســەرکەوتنە بێ وێنەیەی بەدەســت هێنا کە پاش دوو ساڵ دابڕان لە یەکێتی تۆپی پێی ئەلمانیا، لە ساڵی ٢٠٠٨دا بــۆ جارێکی دیکە گەڕایەوە. بەڵام ئەمجارەیان لە ناو بەناوبانگترین یانەی ئەڵمانیاو جیهاندا خۆی دیتەوە. ئەویش یانەی بایەرن میونیخ بوو، بەڵام کلینزمان تەنیا ١٠ مانگ لەو یانەیەدا مایەوە، دواتر لە کارەکەی دووخرایەوە. کلینزمانی تەمەن ٤٥ ساڵ وەك یاریزانێکی تۆپی پێ، مێژووییەکی پڕ لە ســەروەری هەیە و لەگــەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا نازناوی مۆندیالی ١٩٩٠ وەرگرتووە و ســاڵی ١٩٩٦ یــش نازناوی یۆرۆی وەرگــرت. لە چەندین یانەی بەناوبانگ وەکو بایەرن میونیــخ و ئەنتەر میلان و تۆتنهام یاریکردووە. لە دیمانەیەکی کە لەگەڵ ماڵپەری فیفا ئەنجامی داوە راوبۆچوونەکانی لەبارەی جیهانی وەرزشی تۆپی پێ دەربڕیوە، ئێمە بە پێویستمان زانی لە لاپەڕەی وەرزشی گۆڤاری گوڵاندا دیمانەکە بکەینە کوردی و بڵاوی بکەینەوە.

# کلینزمان:

# مانشافت بەشداری هەر پاڵەوانییەتییەک

*** رات بەرامبەر مۆندیالی باشووری ئەفریقیا چییە؟**

- وای بــۆ دەچم مۆندیالێکــی زۆر خۆش بێ، لەگــەڵ مۆندیالەکانی دیکــە بەراورد ناکــرێ. ئەمــە یەکەمین جارە کێشوەری رەش پێستەکان میوانداری ئــەم کەرنەڤاڵــە دەکەن، دەبێ ئێمەش هەموومان پابەندی رێنماییەکانــی ئەم خولە بین.

*** رات ســەبارەت بــەو تیروپشــکەی بۆ کۆمەڵەکان کرا چییە؟**

- هەندێ لە کۆمەڵەکان ســێ هەڵبژاردەی بەهێزیان تێدایە و، هەندێکیشیان هەر چوار هەڵبژاردە رکابەری یەکدی دەکەن. زەحمەتە ئێستا پێشبینی هیچ بکەیت، چونکە گشت هەڵبژاردەکان لەم شێوە کەش و هەوایە یارییان نەکــردووە و چاوەڕوان دەکــرێ ئەنجامی چاوەڕوان نەکراوی زۆری تێدابێ.

*** چــۆن دەڕوانییــە چانســی هەڵبژاردە پاڵێوراوەکانــی وەك بەرازیــل و ئینگڵتەرە و ئەرژەنتیــن و باشــووری ئەفریقیــا کــە میوانداری ئــەم مۆندیالە دەکات؟**

- مــن بــڕوام وایە کــە زۆر لــە هەڵبژاردەکان دەڵێن ئێمــە کاندیدی یەکەمیــن و لەوانە هەشــت هەڵبژاردەی بەهێز هەبێ رکابەری لەسەر ئەم نازناوە بکەن و دەبێ چاوەڕوانیش بین، چونکە هێشــتا زیاتر لە چوار مانگ ماوە و هەموو شــتێك رەنگە گۆڕانکاری بەسەر دا بێت.

*** بــەرای تۆ کــێ دەبێتــە خاوەنی ئەم مۆندیالە؟**

- ئەو هەڵبژاردانەی لە سەرووی کۆمەڵەکان دێن بە تەئکیــد ئەوانە پاڵێــوارون، جگە لەوانەش هەندێ هەڵبــژاردەی بەهێز هەن لەوانە کۆتیڤــوار و هەڵبژاردەی چیلی کە لە پاڵاوتندا ئاســتێکی بەرزیان نیشــاندا و ســەرنجی چاودێرانیان بــۆ لای خۆیان راکێشا.

*** ئەو یاریزانانەی کێن کە شوێن پەنجەیان لەو مۆندیالەدا زۆر بەرچاوە؟**

- هیچ یاریزانێك ناتوانێ ئاســتێکی بەرز نیشــان بدات گەر هــاوکاری برادەرەکانی نەبێــت، زۆر یاریــزان هەیــە دەتوانێ لەو مۆندیالە قسەی خۆی بکات لەوانە میسی و کاکا و درۆگبــا و رۆناڵــدۆ، بەرامبەر ئەمانەش دەبێ برادەرەکانیان هاوکاریان بن.

*** ســەبارەت بە کۆمەڵــەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، بەرامبەر رکابەرەکانیدا (ســڕبیا – ئوستراليا – گانا ) لە قۆناغی یەکەمدا چۆن دەبێ ؟**

- کۆمەڵەیەکی باشە، دەتوانم بڵێم قورسە و





# بکات چاوی لە نازناوەکەیە



لە هەمان کاتیشدا ئاسانە، سربیا لە توانایدا هەیە هەندێ کێشە بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دروست بکات و من سەبارەت بە هەڵبژاردەی ئوستڕالیا نیگەرانم، چونکە هەموویان وەکو جەنگاوەر یاری دەکەن، لە مۆندیالی ٢٠٠٦ دا، زۆری نەمابوو ئیتاڵیا دەربکەن و هەڵبژاردەکانی ئەفریقیاش هەموویان ئاست بەرزن و" گانا"ش یەکێکە لەو هەڵبژاردانە و بە تەئکید یارییەکەیان خۆش دەبێت.

*** چ ئامۆژگارییەکت بۆ یواکیم لۆف و تیپەکەی هەیە؟**

- هەر کاتێ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەشداری پاڵەوانییەتییەك دەکات چاوی لە نازناوەکەیە، لەوانەش بە چانسێکی کەمیش یارمەتی بدرێ. لە ساڵی ٢٠٠٤دا هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە هەموو پاڵەوانییەتییەکان خۆی گەیاندە یارییەکانی پێش کۆتایی، ئێستا هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئاستی لە پێشوو باشترە. یاریزانی باشیشی هەیە، لەوانە ئەستێرەی یانەی ڤێردەر برێمەن "مەسعود ئۆزیل".

*** ئەو کاتەی تیروپشك ئەنجامدرا، هەستێکی نامۆت لەلا دروست نەبوو، چونکە پێشتر راهێنەری هەڵبژاردەی مانشافت بووی؟**

- نا، هیچ هەستم بە نامۆیی نەکرد، چونکە من بەشێوەیەکی دیکە بەشداری لە مۆندیالدا دەکەم، ئەمجارەیان وەکو پسپۆری تۆپی پێ لە یەکێك لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان ئەرکەکانم رادەپەڕێنم.

*** کە دەستت لە کار کێشایەوە هەستت بە نیگەرانی نەکرد، سەرەڕای ئەوەی لە بەدەستهێنانی ئەنجامی باشدا گەیشتبوویە لوتکە؟**

- من کەمتر ئاوڕ لە رابردوو دەدەمەوە، من ئەو کات تەنیا ئەو بڕیارەم لەبەر دەستدابوو و ماڵ و مناڵەکانم بۆ من گرنگتر بوون.

*** باسی ئەوەت کرد کە وەکو پسپۆری تۆپی پێی بەشداری دەکەیت و ماوەی چەند مەترێك لە یاریگا دوور دەبیت، لەو کاتەدا هەست بە نیگەرانی ناکەیت؟**

- هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەم، بەڵام بەخۆشییەوە پێشوازی لە کارەکەم دەکەم و دڵی جەماوەریش خۆش دەکەم.

*** قسە و باس لەوە دەکرێت کە بۆندت لە چەند یانەیەکەوە بۆ هاتووە، بەرامبەر ئەم پڕۆپاگەندەیە دەڵێی چی، کەی وەکو راهێنەری یانەیەك، بۆ جارێکی دیکە خۆت نیشان دەدەیەوە؟**

- پڕۆپاگەندە زۆرە، بەڵام بەراستی پێش مۆندیال بۆ هیچ یانەیەك بۆند مۆرناکەم. لەوانەیە ئەم شتە دوای مۆندیال رووبدات؟